## ووتەیەك

بە ئامانجی هێنانە کایەی دیالۆگێکی هەمەلایەنەو سوودبەخش ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە چالاکیەی کە ناوی دیالۆگی کوردوکورد / کۆڕی کورد ی لێناوە، لە رۆژی ١٢/١٠/٢٠٠٢ لە شاری بۆن سەمینارێکی بە ئامادە بوونی پتر لە ١٠٠ کەس رێکخست. بەشدارو میوانانی ئەم کۆڕەکە، جگە لە نوێنەری پارت و رێکخراوەکان، وەکو کەسایەتی سەربەخۆ وبێ لایەن بانگهێش کرابوون.

ژمارەیەك شارەزاو پسپۆری کوردستانی ئێران و نوێنەری رێکخراوە کوردیەکان تاوتوێ ی باری راستەقینەی گشتی ئێران و کوردستانی ئێرانیان کردو بە یەکەوە لە بڕێك پرسیاری پڕ بایەخ وورد بوونەوە. بەو شێوەیەش دەرگای بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر ئەو بابەتانە کرایەوەو ئامادەبووانیش راو بۆچوونی خۆیان دەربڕی وتوانرا گفتوگۆیەکی تا رادەیەك تێروتەسەل لەسەر گەلێ بابەت بکرێت.

ئێمە بە پێویستمان زانی ووتەی ووتەبێژانی ئەو سەمینارە بکەینە بەڵگەنامەیەك و بیخەینە بەردەست خوێنەرانەوە. شایەنی ووتنە کە ووتەی بەرێزان د. عەباس وەلی و رەزا کەعبی لە شێوەی ووتنەوە کردمانتە شێوەی نووسین. ئا لێرەشدا زۆر سوپاسی ووتەبێژان دەکەین لە هاوکاری دڵسۆزانەیان و سوپاسی میوانانی کۆڕەکەش دەکەین، کە بە ئامادەبوون و بەشداربوونیان تینێکی گەرم وگوڕیان بە سەمینارەکە دا.

ئومێدەوارین بە بەستنی سەمینارەکەمان و هەروەها بە چاپکردنی ئەم کتێبە توانیبێتمان تەوژمێکی پێویست بە دیالۆگی هاوچەرخی نێو خۆمان ببەخشین. بەو هیوایەی کە بزوتنەوی کوردایەتی لە پرۆسەی گۆڕانکاریەکانی کوردستان وئێران و رۆژهەلاتی ناوەراست وجیهاندا شوێن وپایەی شیاوی خۆی دابین ومسۆگەر بکات.

شاری بۆن، بەهاری ٢٠٠٣